# پرۆژەی ئێمە دیارین

# We Are Visible

### پرۆژەیەکی هونەری نێوان کلتورەکانە بە هاوبەشی کۆمەڵەی مێسلا - مس گەلەری

پرۆژەیەکی هونەری پێکەوەیی نێونەتەوەییە لە شاری سلێمانی. پرۆژەی( ئێمە دیارین ) بە ئامانجی ئەنجامدانی کارێکی هونەری پێکەوەیی لە لایان هونەرمەندانی کوردستان و هونەرمەندانی سویسرا. بەشداربووان بریتین لە هونەرمەندان و هاوشاریان لە تەک ئاوارەی ناوچەکە.

مەبەست لەم پرۆژەیە پەرچەکردارێکە لەلایەن بەشداربووەکان بۆ ئەو مەرگەساتەی لە ئێستادا بەرامبەر گەلی کورد لە ڕۆژئاوا و ناوچەکە بەگشتی ئەنجام دەدرێت. هەروەها ئاماژەیەک دەبێ بۆ ئەومێژووەی کە بەدرێژایی کورد جینۆساید کراوە کە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ڕوخان و وێرانکردنی ئەو دیوە ئیستێتیکیە کەلتوریەی ناوچەکەی بە گشتی و تەلارسازی بەتایبەتی. کە بەشێکی زیندوی شوناسی کەلتوری ئێمەی پێدەخوێنرێتەوە . قوڕ وەک کەرەستەیەکی دێرینی ناوچەکە خاوەنی مێژوویەکی دوورە لە بەکارهێنان بۆ تەلارسازی و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیان وەک ئاگردان و کوپە و دیزە و قاپ و قاچاخەکانیان.





هاوکات ئەم کەرسەیەش ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژوویەک لە وێرانە خاکی جێماو. بۆیە بەم کەرەستەیە هەریەک لە بەشداربووان بە جیا خشتی خۆی بەرهەم دەهێنێ، کە ئەو بەرهەمە هەڵگری تایبەتمەندێتی بەشداربووەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

به پشتبەستن بەم شێوازە ترادیسۆنە لە بەکارهێنانی ئەم کەرەسەیە، هەوڵ دەدەین بۆ بە هونەری کردنی ئەم شێوازە لە بەکارهێنان، ئەنجامدانی کارێکی هونەری پێکەوەیی . وەک ئاماژەیەک بۆ دەربڕینی ئەو ئازار و وێرانکاریەی کە مێژووی ناوچەکەی تەنیووە. دەکرێت فۆڕمێک بەرهەم بهێنرێت لە کۆی ئەو خشتە بەرهەم هاتووانە لە پرۆژەکەدا. پرۆسەی کارکردنی ئەم کارە بەگفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و کۆمەککردنی ئەندامانی پرۆژەکە تەواو دەبێ .

هاوکات لەتەک نمایشکردنی کارە هونەریەکاندا، بۆ بەرزنرخاندنی کارەهونەریەکان، کەشەکە بە موزیک و گۆرانی و سەمای کوردی ئاوێتە دەکەین. ئەم پرۆژەیە هەوڵدانە بۆ بەژیان کردنی پەیوەندی هونەری لە ئەنجامدانی کارێکی هونەری پێکەوەیدا.

هاوکات ئەنجامدانی دیالۆگێک لەتەک هاوڵاتیانی ناوچەکە لە ڕێگەی بەئاگاهێنانەوەی ئەوەی کە ئەوان خاوەندارێتی کلتوری تەلارسازین و ڕەگ و ڕیشەی قوڵی داکوتیووە لە ناو مێژووی شوناسیاندا .

تەواوی پرۆژەکە لەلایەن بەشداربووانی پرۆژەکەوە دیکۆمێنت دەکرێت.

**ڕێکخەرەرانی پرۆژە**

**کۆمەڵەی مێسلا/ مس گەلەری**

**مێسلا، هونەرمەندانی سویسرا و ڕۆژهەڵاتی ناوەرەست پێکدەگەیەنێت و پەرەیان پێدەدات. ئەو پرۆژە کلتوریانە لە خۆدەگرێت کە هاوڵیاتیە ناوخۆیەکان کاری لەسەر دەکەن مس گەلەری لای خۆیەوە کاردەکات بۆ کارکردن لەتەک چەند گروپێکی هونەری لە شاری سلێمانی، هەروەها خولی پەڕێوەبردنی پرۆژەی هونەری دابین دەکات بۆ هونەرمەندان.**

**ڕێکخەرانی پرۆژە**

| | | |
|---|---|---|
| **ڤگنەر نیهۆس ١٩٧٠** | **ئۆزیل یەشار ١٩٧٧** | **زانا رەسوڵ ١٩٧٨** |
| **بەڕێوەبەری پرۆژەی هونەری** | **ڕێکخەری پرۆژە** | **بەڕێوەبەری پرۆژەی هونەری** |
| www.wernerneuhaus.ch | info@mesela.ch | **بەڕێوەبەری مس گەلەری** |
| info@mesela.ch | | |



**هاوبەشەنی  پرۆژە**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیر و هونەری سلێمانی**

- **پەیمانگای هونەرە جوانەکان – سلیمانی**
- **مەڵبەندی کوردۆلۆژی – زانکۆی سلێمانی**

- ***CIVIL DEVELOMENT ORGANIZATION***
- **کارگەی کولتور**
- **کۆلێژی هونەرە جوانەکان – زانکۆی سلێمانی**
- **پارکی ئازادی – بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی**

**هاوکاری دارای :**

**پرۆژەی ئێمە دیاریین ، بەندە لەسەر هاوکاری دارایی ئێوە . هەرجۆرە هاوکاریەک جێگەی رێز و سوپاسی رێکخەرانی پرۆژەکەیە .**

بۆ ناردنی هاوکاریەکانتان سود لەم ئەدرەس بانکە وەربگرن.

Account:
Verein Mesela
Wanner 433, 3436 Zollbrück
Raiffeisenbank Unteremmental
CH93 8080 8005 9676 2505 8

پەیوەندی گرتن بە کەسی یەکەمی پرۆژەکەوە
زانا رەسوڵ
بەێوەبەری مس گەلەری
Zanarasool@yahoo.com
00963(0)770134480